| | | |
|---|---|---|
| **زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر** | **پرسیارەكان لەبارەی بابەتەكە** | **قۆناغ: دووەم** |
| **كۆلێژی ئاداب / بەشی ڕاگەیاندن** | (2023-2024) | **بابەت: كۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن** |

................................................................................................................................................

**چەند پرسیارێک لەبارەی ناوەڕۆکی وانەی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن:**

1.ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە چ پەیوەندیەکیان بەیەکترەوە هەیە؟ بە کورتی بیخەڕوو.

2.مەبەست لە چەمکی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن چیە؟ ڕوونی بکەرەوە.

3.ڕۆڵی میدیای نویێ چۆن دەنرخێنیت لەڕوانگەی کاریگەرییەکانی بەسەر تاک و کۆمەڵگە؟

4.داب و نەریت چ شتێک دەگرێتەوە بیخەڕوو؟

5. ئایین وەک دامەزراوەیەکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چ ڕۆڵێکی هەیە لە پێگەیاندنی تاک؟

6. ئەو سەرچاوە کۆمەڵایەتییانە چین لە کۆمەڵگە، کە دەبنەهۆی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی تاکەکان؟

7.بە پوختی لە چەند خاڵێکدا، لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەوە لایەنە نەرێنییەکانی ڕاگەیاندن بخەڕوو؟

8. ئەو بەڵگە و خەسلەتانە چین کە کۆمەڵناسان بەهۆیانەوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندن دەڕوانن؟

9. ئەدای کارکردنی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان و لێکەوتە کۆمەلاتیەکانی

10.بە هێنانەوەی نمونە باس لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بکە.

11.هەر یەک لە چەمکەکانی (ڕاگەیاندن، کۆمەڵناسی، کۆمەڵگە) بە جیا پێناسە بکە؟

12.لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی کاریگەری و بە ئامانج، باس لە ئەرکی بڕواپێهێنان بکە لە ڕاگەیاندن.

13.پێناسەی دەستەواژەی دیاردە مرۆییەکان بکە؟

14.باس لە گرنگی قۆناغ و شۆڕشەکانی ڕاگەیاندن بکە؟

15.بوونی دەستەیەکی باڵای ڕاگەیاندن وەک چەترێک بۆ هەرێمی کوردستان تاچەند گرنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆڵی نەرێنی ڕاگەیاندن؟

16.بە پوختی لە چەند خاڵێکدا، لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەوە لایەنە ئەرێنییەکانی ڕاگەیاندن بخەڕوو؟

17.ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگەیاندن چین؟ بیانژمێرە و بە نمونە هەریەکە ڕوون بکەوە.

18.ئاستی (پەیوەندیکردنی بەکۆمەڵ) بە هێنانەوەی نمونە باس بکە.

19.وێنەی هزری چیە؟ وە تاچەند تاک لە ڕەفتارەکانیدا پشت بەو وێنەیە دەبەستێت کە لە هزریدا دروست بووە؟
20.ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەچوارچێوەی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بخەڕوو.
21.ڕاگەیاندنی کوردی لە چوارچێوە و دیدێکی کۆمەڵایەتیەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ پوختەیەکی واتادار لەبارەیەوە بنووسە.
22. ئایا ڕاگەیاندن دەتوانێت توندوتیژی لەناو کۆمەڵگە بڵاو بکاتەوە؟ چۆن؟
23.کۆمەڵگە چیە؟ سیستەمەکانی کۆمەڵگە چی دەگرێتەوە؟
24.ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێت هۆشیاری بڵاو بکاتەوە؟
25.لەبەر ڕۆشنایی تیۆری (پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن)، ناوەرۆکە میدیاییەکان لە چ ڕەهەندێکەوە کاریگەری لەسەر جەماوەر جێدەهێڵێت، ڕوونی بکەرەوە.
26.دامەزراوەکانی فێرکردن چ پێگەیەکیان هەیە لە پێگەیاندنی تاک؟
27.مەبەست لە چەمکی پەیوەندی جەماوەری چیە؟ بە هێنانەوەی نمونە باسی بکە.
28.بە هێنانەوەی نمونە باس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکە؟
29.ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێک دەبینن لە دروستکردنی وێنەی هزری لەلای تاک؟
30.ئەگەر ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی نەرێنی بینی لە کۆمەڵگە، چی بکرێت بۆئەوەی ئەم دۆخە خراپەی ڕاگەیاندن چارەسەربکرێت؟
31.گاڵتەوگەپ و لایەنی هونەری وەک ئەرکێکی ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێت دەروونی وەرگر ئارام بکاتەوە، بە نمونەوە ڕوونی بکەوە.
32.بە کورتی باسی کاریگەری ڕاگەیاندن بکە لە دروستکردنی ڕای گشتی کۆمەڵگە.
33.دەروونناسی کۆمەڵایەتی وەک لقێکی گرنگی دەروونناسی گشتی، چۆن دەڕوانێتە پێگەی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی تاک؟
34.ئایا دراما تەلەڤزیۆنییەکان دەبنەهۆی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی؟ چۆن؟
35.ئاسایشی کۆمەڵایەتی چیە؟ ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێت ئاسایشی کۆمەڵایەتی بپارێزێت؟

**بەئومێدی سەرکەوتن**

**مامۆستای بابەت**
**د. بەشدار حسێن**